کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
21-7-2007 19:28 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# لە سێدارەدانی عەلی لە هەڵەبجە... هەنگاوێک بۆ قوڵبوونەوەی ناکۆکی کورد و سونە... دووبارە کردنەوەی هەڵەیەک کە بەسەر شیعەدا تێپەڕی ... گەرمیان حەمەخان

Garmyan_86@yahoo. com



پاش سێ دەیە لە حکومڕانیەکی پڕستەم و خوێناوی لە دەسەڵاتی بەعس، ئەوەی کە ڕۆژێك بە خەیاڵی خۆی و هیچ کەسێکدا گوزەری نەدەکرد لوتکەی ئەو دەسەڵاتە خوێنڕێژە (یەددام) ی دیکتاتۆر لە گەڵ ژمارەیەك لە هاوتاوانەکانی پاش هەرەسی هەرەمی دەسەڵاتەکەیان باجی هەموو تاوانەکانیان داو، چونە حزووری سێدارە، ئەویش بێباکانە و عادیلانە سزاو کاری خۆی ڕاپەڕاند، بەڵام شێوازی ئەو سزایە کە مشتوومڕی لە نێوخۆی عێراق و دنیاشدا دروست کرد، ئەوە بوو کە عەرەبی شیعە مەزهەب وەکو تۆڵە سزاکەیان جێ بەجێ کرد، ئەم حەماقەتەش عەرەبی سوونە مەزهەب و کۆنە بەعسی و ئەوانەی کە ئێستا ناوی مقاومەیان لە خۆیان ناوە و دەرەوەی خۆشیان بە تیرۆریست ناویان دەبەن هێندەی تر ڕق ئەستوور کرد بەرامبەر بە شیعەکان، دواجار ئەمەش هەر وا بەئاسانی بەسەر شیعەدا نەڕۆشت و، باجی ئەو هەڵەی خۆیاندا، ئەویش بە تەقاندنەوەی ئەو هەموو حسەینییەو کوشتن و برینداربوونی هەزاران کەس لە شیعە لە لایەن سونەکانەوە.

بەهەر حاڵ ئەوە هەڵەیەك بوو کە بەسەر عەرەبیی شیعە مەزهەبدا تێپەڕی، ئێستاش ئامۆزاو هاوکارو پیشەو تاوانی (یەددام) کە لە نێو کورددا بە (عەلی کیمیایی) ناسراوە، لە دوا ساتەکانی ژیانیدا چاو لە ڕێیە و سازو ئامادەی ڕۆڵ بینینە لەو سیناریۆی کە کوڕە مامەکەی بەتەڵ فلمی بوو.

ئێستاش کە وادەی جێبەجێ کردنی سزای لە سێدارەدانی سێی تر لە تاوانبارنی حزبی بەعسی لە ناوچوو تەواو نزیك بووەتەوە، لە نێویشیاندا گەورە خوێنڕێژ (عەلی کیمیایی)، (مالیکی) داوا لە (تاڵەبانی) و (بارزانی) دەکات لە هەڵەبجە پەتەکەی عەلی ئامادەکەن، خەڵکی داخ لە دڵی ستەمدیدەو قوربانیدەری خۆشمان هەمان داوایان هەیەو تەنها بە لە سێدارەدانی کیمیایی لە نێو هەڵەبجەی مەڵبەندی کیمیا باران کراودا ئاسوودە دەبن، لە هەمان کاتیشدا هەر لە نێو شاری هەڵەبجەی کیمیا باران کراودا دەنگی ناڕەزایی لە سێدارەدانی عەلی لە شارەکەیان بەرز بووتەوە، هەر وەك لە نێو نووسەران و ڕووناکبیران و سیاسەتمەدارانیشماندا لە هەبمەر ئەو مەسەلە ئارائی جودا هەیە، خەڵکی قوربانیدەری کوردستان (مەبەستم ئەوانەی کە کەسی نزیکیان قوربانییە) بە دڵنیاییەوە مەبەستیان لە داواکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکە لە هەڵبجە شێوازێکە لە تۆڵەی ئەو هەموو قوربانیەی کە بوونە نێچیری کیمیایی، ئەمەش دواجار زۆر خراپ بەسەر کوردا دەشکێتەوە، کوردیش وەکو گەلێکی خوێن ڕێژو مەترسیدار لە جیهاندا دێتە هەژمار، واتە هەر بەو چاوە تەماشا دەکرێت کە شیعەی عێراقی پێ بینرا، ئەمە جگە لەوەی کە دەبێتە هۆی قوڵتر کردنەوەی دوژمنایەتی و ناکۆکی نێوان کورد و سوننە کە پێشتر بە هۆی ئیمزا نەکردنی (مام جەلال) وەوە سەیارەت بە لە پەت هەڵواسینی یەددام باش تر بوو، بگرە لەو دەمەدا بە چاوی دۆستایەتییەوە لە کوردیان دەڕوانی، ئاشکراشە کە ئەو داوایەی مالیکیش لەبەر سۆز و دڵۆڤانی جەنابی نییە بۆ کورد، ئەوەندەی کە مەبەستی چەواشە کردنی کوردە بۆ دووبارە کردنەوەی ئەو هەڵە گەورەی کە جەنابی لە هەڵواسینی یەدداما باجەکەی دا.

بۆیە دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کورد ئاقڵانە و لە سەرخۆو سەربەخۆ بڕیار لە مەسەلەکە بدەن و بە ڕۆحیەتی تۆڵە سەندنەوەوە لە مەسەلەکە نەڕوانن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.